# پێوەری بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشەکانی هونەر لە زانکۆی سلێمانی

یادگار محمد امین[1] پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد[2] پ.د. ڕێبوار سعید ڕشید[3]

[1]بەشی پەروەردەی هونەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.
[2]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.
[3]بەشی شێوەکاری، کۆلێجی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی.

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە پێوانەکردنی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەریەکان لە زانکۆی سلێمانی هەروەها بەپێی ڕەگەزی گۆڕاوی (نێر – مێ) و بەپێی گۆڕاوی کۆلێج لەنێوان (خوێندکارانی کۆلێجی هونەر - خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی پەروەردەی هونەر)، وە توێژینەوەکە بە میتۆدی (وەسفی) کاری لەسەر کراوە بە ویستی گەڕان بەدوای چیەتی و چۆنیەتی دیاردەکان. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەربارەی بابەتی بیرکردنەوەی پێهێنەرانەیە لە توانای تاکدا و ئاراستەکردنی بەرەو بیرکردنەوەی داهێنەرانە. هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە بابەتی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی قۆناغی سێ و چواری کۆلێجی هونەر/ بەشی شێوەکاری و پەروەردەی هونەر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، و نمونەی وەرگیراو پێکهاتووە لە (٤٠) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.کە توێژەر ئامرازی (ڕاپرسی) بەکارهێناوە لەگەڵ پسپۆڕانی بواری دەروونناس و ڕێگاکانی وانەووتنەوەدا، لەڕێگەی ڕاستگۆیی دەرەکی و ناوەکیەوە پێوەرێک دروستکراوە بۆ بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە، وە ڕای شارەزایان وەرگیراوە و پاشان بۆ جێگیری بەسەر نمونەیەک لە خوێندکاراندا جێبەجێکراوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە بەشی چواردا خراونەتە ڕوو. هەروەها توێژەر ڕاسپاردەی پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار کردووە کە بریتیە لە:
ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانیەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەریەکانی زانکۆی سلێمانی.

بەشی یەکەم

چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

١,١ کێشەی توێژینەوە:

بیرکردنەوە یەکێکە لە چالاکیە گرنگەکانی مرۆڤ کە ڕۆژانە پێی هەڵدەستێت و ئەزموونی دەکات، بەو هۆکارەی لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا پێویستیەکی دڵنیاییە بۆ ئەوەی تاک لەڕێیەوە بتوانێت توانای سەرکەوتنی بەسەر کۆسپەکاندا هەبێت، بۆیە یەکێک لە پێناسەکانی بیرکردنەوە بریتییە لە " زنجیرەیەک چالاکی هزری کە مێشک پێی هەڵدەستێت کاتێک ڕووبەڕووی وروژێنەرێک دەبێتەوە لەڕێگەی یەکێک لە پێنج هەستەوەرەکەی (بەرکەوتن، بینین، بۆنکردن، بیستن، چەشتن) هەستی پێدەکات. (حسن، ٢٠٢٢، ل ٤٣).

کاتێک بابەتی بیرکردنەوە لەناو پێداگۆجیدا کاری لەسەر دەکرێت ئەوا پێویستی بە ووردی هەیە بۆ ئەوەی ئامانجی دیارکراو بەدەست بێت، چونکە بیرکردنەوە چەندین جۆری هەیە لەوانە (پێکهێنەرانە، ڕەخنەگرانە، شیکاری، نمونەیی، ... هەتادوایی)، بوونی زۆری ئەم جۆرانە لە مرۆڤدا وادەکات پرسیارگەلیک بێتە پێش کە داخۆ کام جۆری بیرکردنەوە لەگەڵ ئەزموونی تاکدا هاوتایە بەتایبەت لەناو سیستەمی پێداگۆجیدا هاوتەریبە بە بابەتەکانی خوێندن؟ خوێندکار ئاراستەدەکرێت تاکو بخرێتە کەشێکەوە بیرکردنەوەی بگۆڕدرێت؟ یاخود ئەو بیرکردنەوانەی خوێندکار هەیەتی ئایا پێوانە دەکرێت بەشێوەیەکی ڕاست بۆ دڵنیایی لە ئەنجامەکەی؟

ئەمە ئەو پرسیارە گشتیانەن کە توێژەر بیری لە بابەتەکانی بیرکردنەوە کردووە، بەڵام گەر هاتوو تایبەتبکرێتەوە بە بابەتە هونەریەکان ئاخۆ کاردانەوەی خوێندکاران یاخود ئاستی خوێندکاران چۆن دەبێت؟ هەرچەند زۆرێک لە بیرکردنەوەکان پێوانەی خوێندکارانیان پێ دەکرێت لەهەموو ئاستێکدا، بەڵام بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە تایبەتترە بە خوێندکارانی بەشە هونەریەکان، بەو هۆکارەی لەناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندنیاندا ئەزموونی دەکەن، هەموو ئەم هۆکارانە بوونە پرسیار لای توێژەر ئەگەر هاتوو پێوەرێک دابنرێت بۆ خوێندکارانی بەشە هونەریەکان دەربارەی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە ئایا ئاستی لای خوێندکارانی هونەر چۆن دەبێت؟ یاخود بەراوورد لەنێوان

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد 1 (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 يناير 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

کۆلێجە هونەرییەکان یان لەنێوان ڕەگەزەکاندا ؟ ئەم پرسیارانە خودی کێشەی توێژینەوەکەیە کە توێژەر بەدواداچونی بۆ کردووە، لەپێناو بەدەستکەووتنی وەڵامێکی زانستی ڕوون.

٢،١ گرنگی توێژینەوە:

بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە یەکێکە لەو بابەتانەی گرنگی تایبەتی هەیە بەرامبەر ڕەفتاری خوێندکانی هونەر، بەو پێیەی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی شتەکان سروشتی تاکەکانیەتی و بەردەوام ئەزموونی دەکەن، بۆیە کارکردن لەسەر بابەتی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی کۆلێجی هونەر و پەروەردەی هونەری زۆر گرنگە و گەر هاتو پێوانەی ڕەفتاریان بکرێت تاکو دڵنیابی هەبێت لەسەر ئاستیان، ئەمە جگە لەوەی بوونی جیاوازی لە بابەتەکانی وانەکانیاندا، بەڵام گرنگە توێژینەوەیەکی وەها بکرێت لەسەر بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەیان بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتتر لەنێوان ڕەگەز و کۆلێجدا. تاکو کاریان لەسەر بکرێت و بەرەو پێش ببرێت. ئەمە جگە لەوەی گرنگی زیاتری هەیە لەم ڕووانەوە:

گرنگە بۆ مامۆستایانی هونەر لە کۆلێجەکانی هونەر و پەروەردەی هونەری و پەیمانگای هونەرە جوانەکان، سود لە ناوەڕۆکی پێوانەکە وەربگرن بۆ پێوانەکردنی ئەدای بیرکردنەوەی خوێندکاران و تاکو بزانن ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەیان چەندە و کار لەسەر بەرەوپێشبردنیان بکەن لەو ڕووەوە.

گرنگە بۆ مامۆستایانی هونەر لەناوەندەکانی خوێندندا تاکو بزانن کام فێرخواز ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەی بەرزە و لایەنی پێکهێنانی بەهێزە، بەراوورد بە بیرکردنەوەکانی تر.

٣،١ ئامانجی توێژینەوە:

پێوانەکردنی بیرکدنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەرییەکان لە زانکۆی سلێمانی.

پێوانەکردنی بیرکدنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەرییەکان لە زانکۆی سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ).

پێوانەکردنی بیرکدنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەرییەکان لە زانکۆی سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی کۆلێج (کۆلێجی هونەر – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی پەروەردەی هونەر).

٤،١ سنوری توێژینەوە:

سنوری بابەت: بیرکدنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەرییەکان لە زانکۆی سلێمانی.

سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی سێ و چواری کۆلێجی هونەر/ بەشی شێوەکای و خوێندکارانی قۆناغی سێ و چواری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی پەروەردەی هونەر.

سنوری شوێن: زانکۆی سلێمانی.

سنوری کات: (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣).

٥،١ پێناسەی زاراوەکان:

بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە (Synthesis Thinking) (التفكير التركيبي)

(رزوقی و ئەوانی تر، ٢٠١٩) پێناسەی دەکەن بەوەی کە کردەیەکی هزرییە وێنای ڕێگایەکی پەسەندکراو دەکات لای تاک لەپێناو گەیشتن بە بنیاتنانی بیرۆکەی نوێ و ڕەسەن کە تەواو جیاوازبێت لەوەی ئەوانی دی دەیکەن، و توانای کۆکردنەوەی بیرۆکە جیاوازەکان، و بەستنەوەی دیدگا ناکۆکەکانە، وە توانای گواستنەوەی نێوان تەوەرەکانی هەیە لە دژەوە بۆ دژێکی دی بە ئاسانی و شارەزایی ڕوون و نوێ، وە خاوەنداریێری ئەو لێهاتوییانە دەکات کە پێی گەیشتووە.( رزوقی و ئەوانی تر ، ٢٠١٩، ل ٢٤٢)

(اسبر، ٢٠١٦) پێناسەی دەکات بەوەی کە یەکێکە لە شێوازەکان یان کارامەییەکانی بیرکردنەوە، کە پێناسە دەکرێت بە لێهاتویی دانانی توخمەکان یان بەشەکان لەگەڵ یەکتردا لە وێنەیەکی نوێدا بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی داهێنەرانە یاخود ناوازە، کە بریتیە لە بنیاتنانی زانیاری نوێ لە ڕێگای دامەزراندنی پەیوەندی لەنێوان پۆلە جیاوازەکان لە زانیاری بەردەست. مرۆڤ لەو کاتەدا یاخود لەنێو یادەوەری خۆیدا دەتوانێت بیانگەڕێنێتەوە و لە بەبەتە ئەکادیمیەکاندا بەکاریان بهێنێت، هەروەها پێشمەرجەکانی فێربوونی ئەم کارامەییە بریتین لە (توانا بەستنەوەی شتەکان بە یەکتریەوە، توانای دارشتنی شتەکان،.....). (اسبر، ٢٠١٦، ل ٤٣)

پێناسەی (رشید، ٢٠٢٢) بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە بریتیە لە یەکگرتنی توخمەکان و بەشەکان بۆ پێکهێنانی کۆیەک هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی چالاکیەکە بۆ دیاریکردنی داهێنانی نوێ بە تێکەڵەیەک لە بیرۆکەکانی سەرچاوە جیاوازەکان، کە چالاکیەکە پارچە زانیاریەکان یەکدەخات بۆ پێکهێنانی دیزاینێکی نوێ، ئەنجامی چالاکیەکە لە پرۆسەی پێکهێناندا دەبێتە زمانێکی پەیوەندیکردنی ناوازە و پلانێک یان چالاکیەکی دروست و کۆمەڵێک پەیوەندی ئەبستراکت. (رشید، ٢٠٢٢، ل ١٣٩)

پێناسەی تیۆری:

توێژەر پاڵپشتی پێناسەی (رزوقی و ئەوانی تر، ٢٠١٩) دەکات بەوەی کە کردەیەکی هزرییە وێنای ڕێگایەکی پەسەندکراو دەکات لای تاک لەپێناو گەیشتن بە بنیاتنانی بیرۆکەی نوێ و ڕەسەن کە تەواو جیاوازبێت لەوەی ئەوانی دی دەیکەن، و توانای کۆکردنەوەی بیرۆکە جیاوازەکان، و بەستنەوەی دیدگا ناکۆکەکانە، وە توانای گواستنەوەی نێوان تەوەرەکانی هەیە لە دژەوە بۆ دژێکی دی بە ئاسانی و شارەزایی ڕوون و نوێ، وە خاوەنداریێری ئەو لێهاتوییانە دەکات کە پێی گەیشتووە.

پێناسەی ڕێککاری:

توێژەر پێناسەی دەکات بەوەی بریتییە لە پێوانەکردنی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەی تاک لە کۆکردنەوەی بیرۆکە جیاوازەکان، بە دیدگایەکی نوێ و هەڵسەنگاندنی لەڕووی زانستییەوە.

بەشی دووەم

چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

٢ . ١ بیرکردنەوە:

بیرکردنەوە لە کۆنەوە بابەتی دیالۆگ بووە و گرنگی پێدراوە لەلایەن فەیلەسوفانەوە، هیچ کات کۆدەنگی نەبووە لەسەر چۆنیەت بیرکدنەوە و چۆنیەتی کارکردنی هزری مرۆڤ، هەروەها بیرکردنەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە کە هەمیشە یاوەری مرۆڤی کردووە و نمایشێکی سروشتیە کە هەمیشە ئەنجام دەدرێت، کەواتە بیرکردنەوە بە واتا گشتیەکەی هەموو جۆرەکانی چالاکی هزری و ڕەفتاری و مەعریفی دەگرێتەوە، کە تایبەتمەندە بەبەکارهێنانی هێما نمایشکراوەکان و شتەکان و ڕووداوەکان. ئەمەش واتا مامەڵەکردن لەگەڵ شت و ڕووداوەکان لەڕێگای هێماکانەوە لەبری ئەوەی لەڕێگەی چالاکی ڕواڵەتیەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. (البدران، ٢٠١٩، ل ٣٨٢) بۆیە گرنگیدانی زانستی بەبابەتی بیرکردنەوە. زیدبوێتکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە

نیوەی سەدەی پیستەم بە تایبەتی لە ساڵانی هەشتاكاندا، ئەم گرنگیدانەش خۆی دەبینێتەوە لە زۆرێک لە بەهێزكردنی بیركردنەوە و بەرنامەی فێركاری و هەوڵدانێكی زۆر و ئەنجامدانی زۆرێک لە توێژینەوەی پێویست و جێبەجێكاری پەروەردەیی و دەرونی و پەروەردەییەكان، بە هەموو ڕەهەندەكانی بۆ ڕێكخستی بیركردنەوە لای فێرخوازان و سود وەرگرتن لە تواناكانیان. (كریم، ٢٠٢٢، لا ٥٠)

٢,١,٢ جۆرەكانی بیركردنەوە:

بیركردنەوەی نمونەیی (Idealistic Thinking): بریتییە لەو گریمانەیەی كە دەتوانێت لەنێو جێگرەوە جۆراوجۆرەكاندا كۆدەنگیەک دروست بكات، دەتوانێت بگاتە چارەسەری گشتگیر كە هەموو تاكەكان ڕازی بكات، كۆڵەكەی سەرەكی ئەم شێوازە لە بیركردنەوە تێگەیشتنێكی باشە لەوەی چی سوودی هەیە بۆ هەمووان، بۆیە ئەو تاكەی زاڵ دەبێت بەسەر ئەم شێوازەدا مەیلی ئەوەی هەیە كە سەرنجی لەسەر داهاتوو بێت و گرنگی بە بەها كۆمەڵایەتیەكان بدات و پەیوەندی كۆمەڵایەتی دروست بكات و مەیلی متمانەكردن بە كەسانی دیكەی هەیە. (الشهري، ٢٠١٧، لا ٢٤٨)

بیركردنەوەی واقعی (Realistic Thinking): بەواتای توانای فێرخواز بۆ پشبەستن بە تێبینی و ئەزموونكردن لەڕێگەی ئەو ڕاستیانەی هەستی پێدەكات، و ئەم جۆرە لە بیركردنەوە چێژوەرگرتنە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و ڕاستی شتە هەنوكەییەكان، تیایدا فێرخواز لایەنی زانستی پەیوەست بە واقعی بەلاوە گرنگە. (الشمري، ٢٠٠٨، لا ٥)

بیركردنەوەی شیكاری (Analytic Thinking): جۆرێكە لە بیركردنەوەی سەركەوتوو لای تاک بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆسەی هزری بەكار بهێنێت بۆ (شیكردنەوە و بڕیاردان و بەراووردكردن)، وە شیكاری توخمەكان بكات بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو پارێزراو بۆ ئەو كێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. (البدران، ٢٠١٩، لا ٣٨١)

بیركردنەوەی خودی (Self Thinking): ئەم جۆرە لە بیركردنەوە پەیوەستە بە زانیاری كەسی، لەسەر بنەمای بڕیاردانی تاک و پەیبردن دامەزراوە، كە پشتبەستە بە پێوەرە ئاكاریەكان، ئەم جۆرە لە بیركردنەوە كاتێک دروست دەبێت كە تاک بێ شیكردنەوە زانیاری وەربگرێت. (عزیز، ٢٠١٥، لا ٦٦١)

بیركردنەوەی كرداری (Pragmatic Thinking): باوەڕی تاكە بەوەی كە شتەكان بەشێوازی پلەبەندی ڕوو دەدەن، تاكی كرداری مەیلی گەڕان بەدوای چارەسەری خێرایدای هەیە، وە باوەڕی بە سەربەخۆیی ئەزموونكردن، و توانای گونجاندن، و ڕاستیەكان و بەها سەنگینەكانی هەیە، ئەوەی ئەو بۆی گرنگە ئەوەیە كە چی ڕوودەدات؟ ستراتیجی بنەڕەتی تاكی كرداری چونە ناو ڕێكەوتنەكانە، كە ئەم ڕێكەتنانە هەڕەمەكی نییە، بەڵكو كردارێكی كارلێككراوە لەنێوان وەڵامدانەوە و گونجاندندا. (القضاة،الطراونة، ٢٠١٤، لا ٩١)

بیركردنەوەی پێكهێنەرانە:

ئەم جۆرە لە بیركردنەوە توانای تاكە بۆ پەیوەندیكردن بەمەبەستی بنیادنانی بیرۆكەی نوێ و ڕەسەن كە تەواو جیاوازە لەوەی ئەوانی دیكە كە پراكتیزەی دەكەن، كە توانای كۆكردنەوەی بیرۆكە جیاوازەكانی هەیە، گەڕان بەدوای بۆچونێكدا كە چارەسەری باشتر دابین دەكات، و بەستنەوەی دیدگا ناكۆكەكان و شارەزابوون لە ڕوونی و داهێنان و خاوەندارێتی ئەو لێهاتوویانەی كە پێی دەگات، تاكی پێكهێنەر گرنگی نادات بە پرۆسەكانی بەراووردكردن و ڕێكەوتنی بە كۆمەڵ لە بۆچون یان ڕازیبوون لەسەر باشترین چارەسەی كێشەكان، تاكی پێكهێنەر پرۆسەی تێڕامان دەكات كە كردەیەكی هزری پەسەندكراوە و تایبەتمەندە بە خەسڵەتی ئاڵنگاری و سەركێشی و دیدی تەواو بۆ دۆخ و ڕوداوەكان. (السامرائي و التميمي، ٢٠١٩ ، لا ٤٨٥) بۆیە پێكهێنان بەواتای یەكخستن دێت، كە گرنگی بە چارەسەری ناوەند یان ئاسایی نادات، بەڵكو ڕێكەوتن دەكات لەسەر باشترین چارەسەر بۆ كێشەكان، لەلایەكی ترەوە كنەو پشكنین دەكات بە دیدگایەكی تر ڕێكخستنی نوێ بۆ باشترین چارەسەر بەدەست بهێنێت و دیدگا دژ بە یەكەكان پێكەوە دەبەستێتەوە، چونكە پێی وایە دوو كەس ناتوانن لەسەر ڕاستیەكی دیاریكراو ڕێكبكەون، و ڕاستیەكان هێندەی ئەو دەستێوەردانانە گرنگ نین كە مرۆڤەكان بەدەستی دەخەن. بە پێچەوانەی شێوازەكانی تری بیركردنەوەوە، بەڵام بیركردنەوەی پێكهێنەرانە دەزانێت كە مرۆڤەكان بە گشتی لەسەر ڕاستیەكان هاوڕا نین و ئەمە بۆ پێكهێنەرەكانە كە نوێنەرایەتی ئەو ڕاستیە دەكات و ژیان سەرنجڕاكێشتر دەكات، پێكهێنان مەیلی ئەوە دەكات كە ململانێ و جیاوازی هەبێت بۆ ئەوەی بیرۆكەیەكی نوێ و ڕەسەن لەسەر بنەمای پرسیاركردن بخاتە ڕوو، وە شانازی بە داهێنان و وردبینی و زیرەكیەوە دەكات. (الشمري، ٢٠٠٨، لا ٦) توانای فێرخوازە بۆ كۆكردنەوە و ڕێكخستنی داتاكان یان بەشە نا تەباكان بە ئامانجی پێكهێهێنانی بیرۆكەیەكی دیاریكراو یاخود پلانی كاركردن یان پێكهاتەكانی یەكەیەكی تەواو، فێرخواز لەم ئاستەدا ئەزموونی كرداری بیركردنەوەی پێكهێنان دەكات. (الركابي، ٢٠٢٠، لا ٣٠٠)

٣,١,٢ تایبەتمەندیەكانی بیركردنەوەی پێكهێنان:

چارەسەری ئاڵۆز یان جیاواز لەخۆ دەگرێت.

بڕیاردان یان پێدانی بۆچوون لەخۆ دەگرێت.

چەندین پێوەر بەكار دەهێنرێت. (السامرائي و التميمي، ٢٠١٩ ، لا ٤٨٥)

توخمەكان كۆدەكاتەوە و تیشک دەخاتە سەر ڕووە لێكچووەكان و كارلێكی نێوان پێكهاتەكان.

گۆڕینی ئاراستەی دەروونی بەرەو ئاراستەی نوێ.

پێدانی واتای زیاتر بە بیرۆكە و چەمكەكان. (علي، ٢٠١٨، لا ٤٠٠)

٤,١,٢ گرنگی بیركردنەوەی پێكهێنان:

بیركردنەوەی پێكهێنەرانە هاوكاری فێرخواز دەكات بۆ دانانی توخم و بەشەكان لە دۆخێكی پەروەردەییدا بۆ پێكهێنانی كۆیەكی یەكگرتوو، ئەمەش مامەڵەكردنە لەگەڵ بەش و توخمەكان و كۆكردنەوە و ڕێكخستنیان بەجۆرێک شیوەیەک پێكبێت كە پێشتر بوونی نەبووە.

بیركردنەوەی پێكهێنەرانە كاردەكات لەسەر پێكهێنان و ڕێكخستنی بیرۆكە و زانیاریەكان، یاخود ئەزموونی دووبارە دامەزراندنەوە.

بیركردنەوەی پێكهێنەرانە پلەی كاریگەری و سەرنجڕاكێشان بۆ ئەزموونە پەروەردەییەكان بەرز دەكاتەوە و ڕۆڵی فێرخواز ئەرێنی و چالاک دەكات.

بیركردنەوەی پێكهێنەرانە هاوكاری فێرخواز دەكات بۆ بەستنەوەی ئەو شتانەی كەسانی تر وەک بەربەستێكی دابڕاو دەیبینن كە هیچ پەیوەندیەكیان لەنێواندا نییە.

بیركردنەوەی پێكهێنەرانە گەورەترین ڕۆڵی هەیە لە چالاكییەكانی پەیوەست بە وێنەكان، چونكە كارەكانی لەگەڵ نیوە گۆی ڕاستی مێشک هاوتەریب و هاوكاتن. ئەم هۆكارەش وادەكات فێرخوازان باشتر وەڵامی ڕێنماییە بینراو و جوڵەییەكان بدەنەوە لەچاو ڕێنماییە زارەكیەكاندا.

بیركردنەوەی پێكهێنەرانە هەمیشە بەدوای گۆڕانكاریەكاندا دەگەڕێت و كاردەكات بۆ ئاراستەكردن و كۆنترۆڵكردنی چۆنیەتی بەكارهێنانی زیرەكی و توانا مەعریفیە

جیاوازەکانی فێرخواز بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر ژیانی خوێندنی تاک هەبێت.
(رزوقي و ئەوانی تر، ٢٠١٩، لا ٢٤٩)

٢ . ٢ توێژینەوەکانی پێشوو:

| | |
|---|---|
| توێژینەوەی یەکەم (رشید، ٢٠٢٢) | |
| ناوی توێژەر | ساره وليد رشيد |
| ساڵ و شوێنی ئەنجامدان | ٢٠٢٢، زانکۆی بغداد – کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستی پەتی/ ابن الهيثم. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | سەربەخۆیی مەعریفی و پەیوەندی بە بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەوە لای خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە بەشەکانی کیمیا لەناو زانکۆ. |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ١.سەربەخۆیی مەعریفی لای نمونەی توێژینەوەکە.<br>٢. جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە لە بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ)، و خوێندکارانی بەشەکانی کیمیا لە کۆلێجی (پەروەردە – زانست).<br>٣. بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای نمونەی توێژینەوەکە.<br>٤.جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە لە بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ)، و خوێندکارانی بەشەکانی کیمیا لە کۆلێجی (پەروەردە – زانست).<br>٥. جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە لە پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی مەعریفی و بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ) و خوێندکارانی بەشەکانی کیمیا لە کۆلێجی (پەروەردە – زانست).<br>٦. جیاوازی لە پەیوەندی نێوان سەربەخۆی مەعریفی و بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز بە گشتی) |
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە. |
| کۆمەڵگای توێژینەوەکە | سەرجەم خوێندکارانی ماستەر لە کۆلێجەکانی پەروەردە و زانست لە سەرجەم زانکۆکانی عێراق، کە ژمارەیان (٢٩٧) ، کە (١٢٧) خوێندکار لە کۆلێجەکانی پەروەردە و (١٧٠) خوێندکار لە کۆلجەکانی زانست. |
| نمونەی توێژینەوەکە | (٢٧٥) خوێندکار، کە (٥٧) خوێندکاری کوڕ لە کۆلێجی پەروەردە و (٣٩) خوێندکاری کوڕ لە کۆلێجی زانست و (٧٠) خوێندکاری کچ لە کۆلێجی پەروەردە و (١٠٩) خوێندکاری کچ لە کۆلێجی زانست. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ڕاپرسی ، پێوەری هەڵسەنگاندن. |
| کەرەستە ئاماریەکان | الفا کرونباخ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، SPSS ، T.TEST. |
| دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە | ١.خوێندکارانی ماستەر لە کۆلێجەکانی پەروەردە و زانست بۆ بەشەکانی کیمیا سەربەخۆیی مەعریفیان هەیە، هەروەک چۆن ڕەگەز بەگشتی کاریگەریان لەسەر سەربەخۆیی مەعریفی نەبوو، وە هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو لە دروستکردنتکردنی سەربەخۆیی مەعریفی لەنێوان خوێندکارانی ماستەر لە فاکەڵتیەکانی پەروەردە و زانستدا.<br>٢.لاوازی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی ماستەر لە کۆلێجەکانی پەروەردە و زانستدا بەهۆکاری وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران کە شایستەی ماستەر نەموون.<br>٣. پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان سەربەخۆی مەعریفی و بیکردنەوەی پێکهێنەرانەدا لای خوێندکارانی ماستەر لە کۆلێجەکانی پەروەردە و زانست، واتە تاکو سەربەخۆیی مەعریفی زیادبێت توانای بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەی خوێندکار زیاد دەکات. |
| توێژینەوەی دووەم (الشمري، هلال ، ٢٠١٥) | |
| ناوی توێژەر | زینب حسن علي الشمري. |

| | |
|---|---|
| ساڵ و شوێنی ئەنجامدان | ٢٠١٥، زانکۆی بابل، کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵوو لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجی ووێژەیی لە بابەتی جوگرافیادا. |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵوو لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی پۆلی پێنج لە بابەتی جوگرافیادا. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگای توێژینەوەکە | (٣) قوتابخانەی ئامادەیی لە ناوەندی ناحیەی موسەیەبی سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی پارێزگای بابل. |
| نمونەی توێژینەوەکە | (٥٨) خوێندکار پێکهاتبوون، ئەوانیش بریتی بوون لە گروپی تاقیکاری (٢٩) خوێندکار بوون و گروپی کۆنترۆڵکراو (٢٩) خوێندکار. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ڕاپرسی، تاقیکردنەوە. |
| کەرەستە ئاماریەکان | هاوکۆلکەی پێرسون، مربع کای، هاوکێشەی سپێرمان و براون، T.TEST. |
| دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە | ١.ستراتیجی شەشپاڵو کاریگەری خۆی سەلماند لە چوارچێوەی سنوری توێژینەوەکە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەدا.<br>٢.ستراتیجی شەشپاڵو توانا و نەرمی دەبەخشێتە خوێندکاران لە بیرکردنەوەدا..<br>٣. ئەم ستراتیجیە توانا دەرونیەکانی خوێندکارانی کچ لەبەرچاو دەگرێت و پەرەی پێدەدات، ئەمەش هاوکاریانە لە بیرکردنەوەدا.<br>٤. بەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵو بۆ ئەو بابەتانەی وانەکانی پێ وتراوەتەوە، وایکرد چێژ و تامەزرۆیی زیاتریان بۆ وانەکە هەبێت. |

٣,٢ بەراوورد لەنێوان توێژینەوەکانی پێشوو:

لە ڕووی ڕەهەندی کات و شوێنەوە توێژینەوەکانی پێشوو لە وڵات و کاتی جیادا ئەنجامدراون، توێژینەوەی(رشيد، ٢٠٢٢) لە زانکۆی بغداد – کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستی پەتی/ ابن الهیثم ئەنجامدراوە، هەروەها توێژینەوەی (الشمري، هلال ، ٢٠١٥) لە زانکۆی بابل، کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان ئەنجامدراوە، بەڵام توێژینەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی هونەر/ بەشی شێوەکاری و کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی پەروەردەی هونەر ئەنجام دەدرێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) .

لەڕووی میتۆدی توێژینەوەوە توێژینەوەی (رشيد، ٢٠٢٢) میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە، هەروەها توێژینەوەی (الشمري، هلال ، ٢٠١٥) میتۆدی ئەزموونیان بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی ئێستا میتۆدی وەسفیە.

لە توێژینەوەکانی پێشوودا جۆری کۆمەڵگە و نمونەکان بریتی بوون لە کەرەستە و کۆمەڵگەی مرۆیی وەک خوێندکارانی ئاستە جیاوازەکانی خوێندن و مامۆستایان بەپێی پێداویستی توێژینەوەکە نمونە وەرگیراوە، وەک توێژینەوەی (رشيد، ٢٠٢٢) کە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە سەرجەم خوێندکارانی ماستەر لە کۆلێجەکانی پەروەردە و زانست لە سەرجەم زانکۆکانی عێراق، کە ژمارەیان (٢٩٧) ، کە (١٢٧) خوێندکار لە کۆلێجەکانی پەروەردە و (١٧٠) خوێندکار لە کۆلجەکانی زانست. هەروەها (الشمري، هلال ، ٢٠١٥) کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان پێکهاتبوو لە (٣) قوتابخانەی ئامادەیی لە ناوەندی ناحیەی موسەیەبی سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی پارێزگای بابل، بەڵام توێژینەوەی ئێستا بریتیە لە بابەتەکانی پێوانەکردنی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی کۆلێجی هونەر/ بەشی شێوەکاری و خوێندارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت کە خۆی لە (٢٠) بڕگەدا دەبینێتەوە.

توێژینەوەی (رشيد، ٢٠٢٢) ئامرازی (ڕاپرسی و پێوەری هەڵسەنگاندن.)ی بەکارهێناوە لە توێژینەوەکەیدا هەروەها (الشمري، هلال ، ٢٠١٥) ئامرازی (ڕاپرسی و تاقیکردنەوە)یان بەکارهێناوە، هەروەها توێژینەوەی ئێستا بەهەمان شێوە ئامرازی (ڕاپرسی، تاقیکردنەوەی پێوەر) بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان.

توێژینەوەکانی پێشوو بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لەڕووی ئامارییەوە چەندین هۆکاری ئاماری هەمەجۆریان بەکار هێناوە، وەک دەبینرێت توێژینەوەی (رشيد، ٢٠٢٢) ، (الفا کرونباخ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، SPSS ، T.TEST.)ی بەکارهێناوە، هەروەها توێژینەوەی (الشمري، هلال ، ٢٠١٥) (هاوکۆلکەی پێرسون، مربع کای، هاوکێشەی سپێرمان و براون، T.TEST)ی بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی ئێستا هاوکۆلکەی (کوپەر، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوانەیی، هاوکۆلکەی جێگیری پێرسۆن، T.TEST) بەکارهاتووە.

٤,٢ سودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر سودێکی بەرچاوی بینی لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم ڕووانەی خوارەوە:

چوارچێوەی تیۆری.

شێوازی نوسینی بەشەکانی توێژینەوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکان.
سەرچاوەکانی توێژینەوەکان.
بۆ لێکدانەوەی ئەنجامەکان.

بەشی سێیەم
ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی

1.3 میتۆدی توێژینەوەکە:

بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی توێژەر میتۆدی (وەسفی) بەکار هێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

2.3 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە بابەتی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی قۆناغی سێ و چواری کۆلێجی هونەر/ بەشی شێوەکاری و کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣،

٣,٣ نمونەی توێژینەوەکە:

بەو پێیەی توێژەر بە شێوازی ئارەزوومەندانە لەڕێی فۆڕمی دابەشکارییەوە نمونەی توێژینەوەکەی وەرگرت لە ناو خوێندکارانی کۆلێجی هونەر کە یەکێکە لە شێوازە هەڕەمەکیەکان. ژمارەی خوێندکارەکان (٢٠) خوێندکار بوو کە بەسەر قۆناغی سێ و چواردا دابەش بوون لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، هەروەها نمونەی خوێندکاران لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەر کە پێکێکهاتبوون لە (٢٠) خوێندکار لە قۆناغی سێ و چوار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. بەڵام ژمارەی خوێندکارانی هەردوو کۆلێجەکە پێکهاتبوون لە (١٦٩) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر و مێ، وەک لە خشتەی (١) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١) ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی سێ و چوار (کۆلێجی هونەر، کۆلێجی پەروەردەی هونەر)

| کۆلێج | ژمارەی خوێندکارانی قۆناغ | | | | نموونەی وەرگیراو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قۆناغی ٣ | | قۆناغی ٤ | | قۆناغی ٣ | | قۆناغی ٤ | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| کۆلێجی هونەر/ بەشی شێوەکاری | ١٢ | ٣٤ | ٨ | ٣١ | ١ | ١١ | ٤ | ٤ |
| کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت / بەشی پەروەردەی هونەر | ١٠ | ٢٤ | ١٤ | ٣٦ | ٣ | ٧ | ٤ | ٦ |

٤,٣ پێوەری بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە:

پاش گەڕان و خوێندنەوەی سەرچاوە و توێژینەوەی زانستی لە بابەتەکانی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەدا توێژەر بابەتگەلێکی زۆری کۆکردەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو هیچ زانیاریەکی بەدەست نەکەوت لەسەر بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی کۆلێجە هونەریەکان، بەو پێیەی ڕێکخستن و بنیادنان کاری خوێندکارانی ئەو بەشانەیە کە لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندنیاندا ئەنجامی دەدەن. بۆیە توێژەر هەستا بە وەرگرتنی پێوەرەکانی (مرزوک، ٢٠١٦) کە لە بابەتی دەروناسی پەروەردەییدا دایناوە بۆ بیرکردنەوەکانی (پێکهێنان، نمونەیی، کرداری، شیکاری و واقعی) بەڵام توێژەر بە سوود بینین لە بابەتەکانی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە، سەرجەم بڕگەکانی وەرگرت کە پێکهاتبوو لە (٢٠) بڕگە. (مزوک، ٢٠١٦، لا ١٠٤) و پاشان گۆڕینی سەرجەم بڕگەکانی بەڕاو بۆچوونی شارەزایان، کە بەشێوەی ڕاپرسی دابەشی کرد بەسەر شاراەزایاندا.

١,٤,٣ دەستنیشانکردنی ڕاستی پێوەری بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە:

١,١,٤,٣ ڕاستی وەرگێڕان: توێژەر بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی وەرگێڕانی بابەتەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی ڕای بژاردەیەک لە شارەزایانی وەرگرت کە لە پاشکۆ (١) دائاماژەیان پێکراوە، پاشان کرایە (٢٠) بڕگەی تایبەت بە بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لە بابەتی ڕێکخستنی پێسانگای هونەری.

٢,١,٤,٣ ڕاستی ڕواڵەتی: توێژەر سەرجەم بڕگەکانی لە ڕاپرسی کراوەدا خستە بەردەم شارەزایان لە پێناو دەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی بڕگەکان و ڕێککردنەوەیان، پاشان بەبۆچونی شارەزایان گۆڕانکاری بەسەر زۆرێک لە بڕگەکاندا هات و جێگیرکران وەک لە پاشکۆی (٢) دا سەرجەم بڕگەکان خراونەتە ڕوو. کە بەسەر (٩) شارەزادا دابەشکرابو پاش دیاریکردنی ڕێژەی شیاوی سەرجەم بڕگەکان بە هاوکۆلکەی ئاماری (کوپەر)، وەک لە خشتەی (٢)دا ڕونکراوەتەوە. پاشان توێژەر هەستا بە چاککردنی سەرجەم ئەو بڕگانەی تێبینیان لەسەربوو.

خشتەی (٢) ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە

| ژمارەی بڕگە | ڕێژەی شیاوەی | ڕێژەی سەدی | ڕادەی شیاوی |
|---|---|---|---|
| بڕگەی یەک | ٩ | ٪ ١٠٠ | شیاوە |
| بڕگەی دوو | ٨ | ٪ ٨٨,٨ | شیاوە |
| بڕگەی سێ | ٩ | ٪ ١٠٠ | شیاوە |
| بڕگەی چوار | ٩ | ٪ ١٠٠ | شیاوە |
| بڕگەی پێنج | ٩ | ٪ ١٠٠ | شیاوە |
| بڕگەی شەش | ٨ | ٪ ٨٨,٨ | شیاوە |
| بڕگەی حەوت | ٨ | ٪ ٨٨,٨ | شیاوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگەی هەشت | ٩ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی نۆ | ٧ | ٧٧,٧ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی دە | ٩ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی یانزدە | ٧ | ٧٧,٧ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی دوازدە | ٨ | ٨٨,٨ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی سیازدە | ٧ | ٧٧,٧ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی چواردە | ٨ | ٨٨,٨ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی پازدە | ٨ | ٨٨,٨ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی شازدە | ٩ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی حەڤدە | ٩ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی هەژدە | ٩ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی نۆزدە | ٧ | ٧٧,٧ ٪ | شیاوە |
| بڕگەی بیست | ٩ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |

٢,٤,٣ جێگیری پێوەرەکە:

بۆ دۆزینەوەی زانینی ئاستی جێگیری پێوەرەکە توێژەر ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، لەڕێی دابەشکردنی (٢٠) فۆڕم بەسەر خوێندکارانی قۆناغی سێ و چواری بەشی پەروەردەی هونەر، کە لە هەر قۆناغێک (١٠) خوێندکاری بە نمونە وەرگرتووە، بۆ دڵنیابوون لە ئاستی جێگیری پێوەرەکە، پاش (٢١) ڕۆژ لە تێپەڕبوونی یەکەم تاقیکردنەوە دووبارە هەمان فۆڕمی تاقیکردنەوەی پێوەری دابەشکردەوە بەسەر هەمان خوێندکاراندا، لەدوای دەرهێنانی ئەنجامەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە بە هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) جیاوازی نێوان دوو تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (0.85)، کە ئەمەش ئەنجامێکی گونجاوە بۆ جێگیری پێوەرەکە. لە خشتەی (٣)دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٣) هاوکۆلکەی جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە

| تاقیکردنەوە | ژمارەی خوێندکار | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٢٠ | 76.4 | 8,5 | 0.85 |
| دووەم | ٢٠ | 75.1 | 7.37 | |

٣,٤,٣ تایبەتمەندی پێوانەی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە:

توێژەر دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوەری بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە، بڕگەکانی ڕوونبوون لای خوێندکاران و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکان (١٠) خولەک بوو، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە پێنج بژاردە بوون، کە پێکهاتبوون لە (تا ڕادەیەکی زۆر، تاڕادەیەک، تا ڕادەیەکی مامناوەند، تا ڕادەیەکی لاواز، تا ڕادەیەکی زۆر لاواز) بەهای بژاردەکان بریتی بوون لە (٥، ٤، ٣، ٢، ١) کە بەسەر (١٠٠) نمرەدا دابەشبوون واتە بەرزترین نمرە (١٠٠) نمرەیە و نزمتین نمرە (٢٠) نمرەیە.

٥,٣ هاوکێشە ئامارییەکان:

١,٥,٣ هاوکێشەی کوپەر (cooper) بۆ ڕێژەی ڕێکەوتن بەکارهێنراوە، بەمەبەستی دەرهێنانی ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزاکان لەسەر بڕگەکانی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

$$\text{ئاستی ڕەزامەندی} = \frac{\text{ژمارەی ڕەزامەندی}}{\text{ژمارەی ڕەزامەندبوون} + \text{ژمارەی ڕەزامەند نەبوون}} \times 100$$

٢,٥,٣ هاوکێشەی (لادانی پێوانەیی) بۆ ئاماژەدان بەڕادەی مەودای بەهاکان لەناو زانیاریە ئامارییەکاندا.

$$\text{لادانی پێوانەیی} = \sqrt{\frac{\text{ن مج س}^{2} - (\text{مج س})^{2}}{\text{ن}^{2}}}$$

٣,٥,٣ هاوکێشەی (t.test) یەک نمونەیی بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە.

$$\text{ت}_{(\text{ن} - ١)} = \frac{\bar{\text{س}} - \text{أ}}{\text{ع} / \sqrt{\text{ن}}}$$

٤,٥,٣ هاوکێشەی (t.test) دوو نمونەیی بۆ یەکلابوونەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە و دەرهێنانی ئەنجامەکان.

$$\text{ت}_{(\text{ن}١ + \text{ن}٢ - ٢)} = \frac{\bar{\text{س}}_١ - \bar{\text{س}}_٢}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_١ - ١)\text{ع}_١^{٢} + (\text{ن}_٢ - ١)\text{ع}_٢^{٢}}{\text{ن}_١ + \text{ن}_٢ - ٢}\left(\frac{١}{\text{ن}_١} + \frac{١}{\text{ن}_٢}\right)}}$$

## بەشی چوارەم

### ٤,١ خستنە ڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:

١,١,٤ ئامانجی یەکەم: بریتی بوو لە پێوانەکردنی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەرییەکان لە زانکۆی سلێمانی. دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری بۆ بەراووردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، کە ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (77.32) بەرزترە لە

ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، کە بریتی بوو لە (٦٠) بە لادانی پێوەری (8.84) هەروەها دەرکەوت بەهات (t) بریتییە لە (8.79) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) هەروەک لە خشتەی (٤) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٤) پێوانەکردنی ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەریەکان لە زانکۆی سلێمانی

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٤٠ | 77.32 | 8.84 | ٦٠ | ٣٩ | 8.79 | 1.69 | 0.05 |

توێژەر ئەو ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە پەیوەندی بە خوێندکارانی کۆلێجە هونەریەکانەوە هەیە، لە کۆی گشتی وانەکانیاندا بابەتەکانی داڕشتن و تەکنەلۆجیا دەخوێنن ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوە خوێندکارانی بەشە هونەریەکان باشتر پێکهێنان بکەن.

٢،١،٤ ئامانجی دووەم: بریتی بوو لە پێوانەکردنی بیرکدنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەریەکان لە زانکۆی سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ). دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (t-test) لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە (72.5) بە لادانی پێوەری (7.74) بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە (79.39) و بەلادانی پێوەری (6.3)، هەروەها بەهای (t) بریتییە لە (3.089) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بە نمرەی ئازادی (٣٨)، هەروەک لە خشتەی (٥) دا ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە بەدیدەکرێت جیاوازیەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە.

خشتەی (٥) دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لە ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ١٢ | 72.5 | 7.74 | ٣٨ | 3.089 | 1.69 | 0.05 |
| مێ | ٢٨ | 79.39 | 6.3 | | | | |

توێژەر ئەو ئەنجامەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە پەیوەندی بە خوێندکارانی کۆلێجە هونەریەکانەوە هەیە. هەرچەندە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کە لە (مێ)دا زیار بەدەرکەوتووە وەک لە (نێر) بەو هۆکارەی رەگەزی مێ ئەزموونی زیاتری لەگەڵ ڕێکخستن و دانانی شتەکاندا هەیە و گرگی زیاتر بەلایەنی ئەزموونی نوێ دەدات وەک لە ڕەگەزی نێر.

٣،١،٤ ئامانجی سێیەم: بریتی بوو لە پێوانەکردنی بیرکدنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشە هونەریەکان لە زانکۆی سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی کۆلێج (کۆلێجی هونەر – کۆلێجی پەروەردەی هونەر). دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (t-test) لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی کۆلێجی هونەر بریتییە لە (78.25) بە لادانی پێوەری (9.08) بەڵام لای خوێندکارانی پەروەردەی هونەر ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە (76.4) و بەلادانی پێوەری (8.5)، هەروەها بەهای (t) بریتییە لە (0.64) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٣٨)، هەروەک لە خشتەی (٦) دا ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی کۆلێج جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە بەدیناکرێت و هیچ جیاوازییەک نیە لەنێوان خوێندکارانی کۆلێجە هونەریەکان.

خشتەی (٦) دەرخستنی جیاوازی کۆلێج لە ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە

| کۆلێج | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| هونەر | ٢٠ | 78.25 | 9.08 | ٣٨ | 0.64 | 1.69 | 0.05 |
| پەروەردەی هونەر | ٢٠ | 76.4 | 8.5 | | | | |

توێژەر ئەو ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لەناو خوێندکارانی بەشە هونەریەکاندا بەردەوام ئەزموونی دەکەن، بۆیە جیاوازی ئەوتۆ بەدیناکرێت لەنێوان خوێنداکانی کۆلێجی هونەر و خوێندکارانی پەروەردەی هونەر.

2.4 ڕاسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی پێوەرێکی گشتی دابنێت بۆ ئاستەکانی بیرکردنەوە لە بابەتەکانی (پێکهێنان – شیکردنەوە – نمونەیی – داهێنەرانە – کرداری)، تاکو لەڕێیەوە پۆلبەندی کۆلێجەکانی پێبکرێت لە ئاستی بیرکردنەوەیاندا تاکو بزانرێت کۆلێجەکانی زانکۆ لە چی ئاستێکی بیرکردنەوەدا نمرەی پێویست بەدەست دەهێنێت.

ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی هونەر لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا لەگەڵ زیادکردنی نمونەی توێژینەوەکە بۆ زانینی ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەیان.

3.4 پێشنیارەکان:

توێژەر بۆ پەرەپێدان و تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە پێشنیازی ئەم ناونیشانانە دەکات:

دروستکردنی پێوەری بیرکردنەوەی وێناکردن لای خوێندکارانی کۆلێجی هونەر.

کاریگەری بەرنامەیەیەکی فێرکاری لە بابەتی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی هونەر لە وانەی دیزایندا.

سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردیەکان:

حسن، سازان صلاح تۆفیق، ٢٠٢٢، دیزاینکردنی پرۆگرامی فێرکاری پشتبەستوو بە تەکنەلۆژیای واقیعی پاڵپشتکراو (AR) لە بەدەستهێنانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی باخچەی منداڵان.

کریم، بەفرین غریب غفور، ٢٠٢٢. کاریگەری مۆدێلێکی پێشنیازکراو پشتبەست بە فێربوونی ستراتیجی بۆ گەشەکردنی ئاراستە و بیرکردنەوەی شێوەیی لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی بیرکاری، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زانستە بیرکاریەکان.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

اسبر، علاء محمد، ٢٠١٦، اختيار اساليب التفكير Thinking styles inventory دراسة ميدانية لتقنين القائمة على طلبة من جامعة دمشق، جامعة دمشق، كلية التربية، قسم القياس والتقويم التربوي والنفسي.

امين، السماك، احمد جوهر محمد و اسراء غانم عبد فتحي، ٢٠٠٧، اثر برنامج تدريبي في تنمية بعض المهارات التدريسية لدى طلبة قسم التربية الخاصة في كلية التربية الاساسية، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية، المجلد ٥، العدد ٢.

البدران، عبدالزهرة لفته، ٢٠١٩، مستوى التفكير التحليلي لدى طلبة جامعة البصرة كليات التربية انموذجا، مجلة كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ذي قار، لامجلد ٩، العدد ١.

البياتي، اثناسيوس، ١٩٧٧، الاحصاء الوصفي والاستدلالي في التربية وعلم النفس، لاعراق، لاجامعة لامستنصرية.

السامرائي و التميمي، هناء ابراهيم محمد و علي هادي حسين، ٢٠١٩ ، اثر استراتيجية الانشطة المتدرجة في التحصيل وتنمية التفكير التركيبي لدى طلاب الصف الرابع الادبي، شبكة المؤتمرات العربية، المؤتمر التطور الاستراتيجي الاكاديمي، نقابة الاكاديميين العراقيين/ مركز التطور الاستراتيجي الاكاديمي.

الشمري، هلال، زينب حسن علي و كريم فخري، ٢٠١٥، فاعلية استعمال استراتيجية المكعب في تنمية التفكير التركيبي لدى طالبات الصف الخامس الادبي في مادة الجغرافية، جامعة بابل، كلية التربية للعلوم الانسانية.

الشمري،كريم عبد ساجر خلف،٢٠٠٨ ، أساليب التفكير لدى طلبة المرحلة الرابعة في الكلية التقنية/ بغداد، جامعة البغداد، كلية التقنية.

الشهري، عبدالحمن بن سالم، ٢٠١٧، انماط التفكير السائد لدى طلبة المرحلة الثانوية القريات وفق نظرية هاريسون وبراميسون، مجلة العلوم التربوية، مجلد ٤٤، عدد ٤، ملحق ٩.

الركابي، ندى هاشم عبدالله سلمان، ٢٠٢٠، فاعلية التدريس بانموذج جيبز في التفكير التركيبي لدى طالبات الصف الثاني متوسط في مادة التاريخ، مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانية والاجتماعية، العدد ٥٦.

القضاد، الطراونة، محمد امين حامد عبدالله و صبري حسن خليل، ٢٠١٤، العلاقة بين مقاومة الاغراء وانماط التفكير السائدة لدى الطلبة الجامعيين، المجلة الاردنية في العلوم التربوية، المجلد ١٠، عدد ١.

رزوقي، محمد، داود، رعد مهدي، نبيل رفيق و ضمياء سالم داود، ٢٠١٩، التفكير و انماطه، بيروت دارالكتب العلمي، طبعة الاولى، جزء ٤.

رشيد،ساره وليد، ٢٠٢٢، الاستقلال المعرفي و علاقته بالتفكير التركيبي لدى طلبة الدراسات العليا لاقسام الكيمياء في الجامعة، جامعة بغداد، كلية التربية للعلوم الصرفة، ابن الهيثم، مجلة نسق، مجلد ٣٥، عدد ٦.

عزيز، ايمان فخري، ٢٠١٥، اساليب التفكير وتداخلاتها الثنائية لدى مرشدي ومشدات المدارس الثانوية، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، جامعة بابل، العدد ١٩.

علي، شيماء حسين، ٢٠١٨، فاعلية توظيف استراتيجية التدريس القائم على التعاقد في تدريس مادة الفيزياء في تنمية التفكير التركيبي و مهارات عمليات العلم لدى طالبات الصف الخامس الاحيائي، جامعة بغداد، كلية التربية ابن الهيثم للعلوم الصرفة، مجلة الاستاذ، العدد ٢٢٧.

مرزوك، احمد محمد، ٢٠١٦، اساليب التفكير علاقتها بالاتجاهات التعصبية عند طلبة الجامعة، جامعة بغداد، كلية التربية للعلوم الصرفة، ابن الهيثم، قسم العلوم التربوية والنفسية.

Abstract:

The research aim is to measure synthetic thinking among students of art departments at Suleimani University. This measurement takes place regarding the variety of gender (male-female) and the differences in the department's policy (students from the college of fine arts – students from the College of Basic Education/ part of arts education). In terms of research methodology, the descriptive method is considered, in order to describe the situations and phenomenon and answer what, where, when, and how questions. The research content is about synthetic thinking in an individual's capability that leads him/her toward creative thinking. The research sample is dedicated to students' synthetic thinking from stages: third and fourth, college of fine arts - plastic arts and college of basic education, year (2022-2023). The capacity sample consists of (40) students from both genders. The researcher considers the (survey) among experts from psychology and teaching methods. Here, the synthetic thinking is going to be established via the external and internal validity and it is stabilized in relations to student's examination. The results and conclusion of the research is displayed at the fourth part. The researcher presents a proposition to the regarded institutions which are:

Arranging a training course by Suleimani University Presidency, in order to develop synthetic thinking within the students from art departments at Suleimani University.

پاشکۆی (١)

ناوی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پێوەرە فێرکاریەکە

| ژ | ناوی پسپۆڕ | نازناوی زانستی | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| ١ | د. جواد نعمت حسين | پرۆفیسۆر | پەروەردەی هونەر / ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هونەر |
| ٢ | د. ماجد نافع الكناني | پرۆفیسۆر | فەلسەفەی پەروەردەی هونەر / ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هونەر |
| 3 | د. نظام عبدالجبار | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| 4 | د. سۆلاف فايەق محمد | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| 5 | د. سابیر مصطفى | پرۆفیسۆر | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ٦ | عمر ابراهيم عزيز | پرۆفیسۆر | دەرونزانی پەروەردەیی/ توانستەکان |
| ٧ | وفاء محمد حسين | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەروەردەی هونەر / پرۆگرامی پەروەردەی هونەر |
| ٨ | عبدالصمد احمد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ٩ | پۆلا عبدالصمد محمود | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی پەروەردەیی |

پاشکۆی (٢)

پێوەری هەڵسەنگاندنی ئاستی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لە بابەتی (کیوڕەیتینگ) دا

| ژ | برگە | شیاوە | نەشیاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کاتێک دەمەوێت پێشانگایەکی هونەری ڕێکبخەم بەر لەهەر شتێک کە بیکەم، دەمەوێت بزانم ڕێکارەکانی ئەنجامدانی پێشانگای هونەری چییە. | | | |
| ٢ | کاتێک دەمەوێ گەنگەشەی پێشانگایەکی هونەری بکەم، مەیلی لەیەکتر نزیککردنەوەی دیدگا دژەکانم هەیە. | | | |
| ٣ | کاتێک پێشانگایەکی هاوبەش ئەنجام دەدەم گرنگترین شت لەلام، زانینی ئامانج و بەهای پێشانگاکەیە. | | | |
| ٤ | ئەگەر داوای پێشکەشکردنی دەرسێکم لێبکرێت لەسەر کیوڕەیتینگ، هەوڵی شەنوکەوکردنی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە بابەتەکە دەدەم. | | | |
| ٥ | ئەگەر داوام لێبکرێت زانیاری لە هونەرمەندان کۆبکەمەوە کاتی کیوڕەیتکردنی پێشانگایەک، پێم باشە بۆچونەکانم پشتبەستوو بکەم بە کۆنسێپتێکی دیاریکراو، پاشان ئاراستەکردنی پرسیار لەوبارەیەوە. | | | |
| ٦ | لە سەر پێشانگایەکی دیاریکراو گەر زانیاری ببیستم، پاشان یەکێک لە هاوڕێکانم داوام لێبکات بۆی بگێڕمەوە، بە شێواز و پێکهاتەی نوێوە زانیاریەکانی بۆ دەگێڕمەوە. | | | |
| ٧ | بڕوام وایە شتێکی دروستە ئەگەر، پێچەوانەی بۆچونی باوبم لەکاتی کیوڕەیتکردنی پێشانگایەکی هونەریدا. | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ئەو پرۆگرامە تەلەفیزیۆنانیەم پێ پەسەندە کە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی تێدایە. | | | | |
| ٩ | ئەگەر بەشداری یەکێک لە هەڵسەنگاندنی پێشانگایەکی هونەریدا بکەم، ئەوا بەپێی ڕێکارەکانی پرۆسەی کیوڕەیتینگ بڕیاری لەسەر دەدەم. | | | | |
| ١٠ | لە کاتی بەسەرکردنەوەی پێشانگایەکی هونەریدا، بەشێوەیەکی گشتی لە کارە هونەریەکان دەڕوانم. | | | | |
| ١١ | پتر سەرسامم بە توانای ئەو کەسانەی کە کیوڕەیتەرن یان دیزاینەرن. | | | | |
| ١٢ | کاتێک کێشە لەنێوان هونەرمەندانداا ڕوودەدات لەکاتی ڕێکخستنی پێشانگایەکی هونەریدا، ئەو بۆچونانە بەهەند وەردەگرم کە باشترین چارەسەر دەخەنە ڕوو. | | | | |
| ١٣ | وای بۆدەچم کۆنسێپتێک بەسودە لە کیوڕەیتکردندا کە لەگەڵ ئەو ئایدیایەدا گونجاو بێت کە فێری بوم و ئەزموونیم کردووە. | | | | |
| ١٤ | باشترین خوێندنەوە، بابەتی بیرکردنەوەی پێکهێنەرانەیە کە لەبارەی هەندێک ڕاهێنانی دیاریکراوەوە دەدوێت، وەک کۆکردنەوەی بابەتە جیاوەزەکان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان. | | | | |
| ١٥ | کاتێک بۆ یەکەمین جار دەچمە ناو گرفتێکەوە لەکاتی ڕێکخستنی پێشانگایەکی هونەریدا، هەوڵدەدەم بیبەستمەوە بە کێشە  دەرەکیەکانەوە. | | | | |
| ١٦ | بڕیار لەسەر کارە هونەریەکان دەدەم لە یەکەم بەرکەتنمدا لەگەڵیانا. | | | | |
| ١٧ | بایەخدانی پیشەییم بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەبواری هونەری شێوەکاری و ڕێکخستن و دیزایندایە. | | | | |
| ١٨ | حەزدەکەم لە کیوڕەیتەرێکەوە فێربم کە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ، کۆکردنەوەی ڕەگەز و بەشەکانی بابەتێک تا بونیادێکی نوێی لێ پێکبهێنێت. | | | | |
| ١٩ | کاتێک دەچمە نێو پێشانگایەکی هونەریەوە پێم باشە، بپرسم ئەم نمایشە چەندە بەنرخە لای کەسانیتر. | | | | |
| ٢٠ | من بە سەلیقەم لە داڕشتنی کۆنسێپت و دیزاینکردنی پێشانگادا. | | | | |

تێبینی:     کیورەیتینگ = ڕێکخستنی پێشانگای هونەری.   -    کیوڕەیتەر = ڕێکخەری پێشانگای هونەری.